بەریتانیا

# حةمةنامة (11) ... سلَمان عةبدوللآ يونس

لەبەر ئەوەی لە زۆربەی نوسینەکەکانی کاک حەمە سەعید حەسەن دا، توندڕەوی لە ڕێگەی زمانەوە، یا شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینیەوە بەشێوەیەکی زەق زاڵ، بەرجەستە دەبێت و هەمیشەش لە سەنگەری بەشێک لەدەسەڵاتی دوولەتکراوی کوردیەوە، پەلاماری بەشەکەی دیکە دەدات و، ئەم تووندڕەیە لە ڕێگەی زبرترین جۆری زمانەوە پراکیتز دەکات، هەر بۆیە مەودای بۆ من و هەر کەسێکی تر کەبیەوێت ئەم شێوازەی کاکە حەمە بخاتە ژێر پرسیار و واری خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەوە، زۆر بەرتەسک کردۆتەوە، ئەمەش وای کردووە زۆر لایەن و گۆشەنیگای نوسینەکانی لانی کەم لە ئەمڕۆی هەلومەرجی ناسکی چارەنوسسازی کوردستان دا فەرامۆش بکەم، چونکە بڕوام بەوە نی‌یە و ڕێگەش بەخۆم نادەم، دوای تاڵترین و مەترسیدارترین ئەزمونی شەری کورد کوژە، نەک هەر ببم بە یەکێک لەو قەڵەمانەی، کە هەر بۆ برای کوژی بەبڕشتن، بەڵکوو ڕێگە بەخۆشم نادەم لە هەلومەرجەرجێکی ئاوا دا، لاپەڕە هێشتا خوێن لێتکاوەکانی ئەو قۆناغە پڕ لە شەرم و شورەیی و تەژی لە مەرگ و مردنەی ئەم کوردە کلۆڵ و ماڵ بەدووژمن گەمارۆ دراوە هەڵبدەمەوە، ئەمەش ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانی‌یە کە دەبێتە هێڵی سور بو من و لە هوشیاری تەواویشمەوەیە کە ئەو هێڵە سورە بۆ قەڵەمەکەم دەکێشم و ناشیبەزێنم.

ڕەخنە چۆن دەتوانێ ئەو ئامانجانە بپێکێ ئەگەر پڕۆژەیەکی مەعریفی و میتۆدێکی زانستیانەی لە پشت نە بێت؟ ڕاست و چەپ هێنان بەسەر دەق یان کەسەکاندا، نەدەبێتە ڕەخنە و نە دەشتوانێت بکەرەکەی بکاتە ڕەخنەگر، هەڵسەنگاندن و گەڕان بەدوای ڕاستیەکاندا، لە دووبارە کردنەوەی خودی ئەو ڕاستیانەوە و بەرجەستە نابێت، بەڵکو ئەرکی گرنگی ڕۆشنبیر لەوەدایە کە بتوانێت پایە نادیارەکانی ئەو ڕاستیانە بە نوسین و شرۆڤەی لۆجیکیانە، بۆ ئەوانی خوێنەر یان چاودێری ئاسایی، لە هێڵێکی بەیانی مەعریفی دا بەرجەستە بکات، بەرجەستە کردنی ئەو هێڵە بەیانیە مەعریفیەش، هێڵێکی بێ لایەنانە و سەربەخۆییانە و دوور لە کاریگەریەکانی ئایدۆلۆجیا دەخوازێت، چونکە شیکردنەوە و قسەکردن لەسەر ئایدۆلۆجیایەک بە عەقڵ و بینینی ئایدۆلۆجیایەکی دیکە، هەرگیز ناتوانێت ببێ بە پڕۆژەیەکی مەعریفی دروست و ڕەخنەیەکی کارا و دروستکەر، ڕاستیەکان لە واقیعی ڕێژەیی‌یەوە دەگۆڕێت بۆ واقیعێکی ڕەهایی و ئەمەش ڕەوایی ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە هەتا ڕادەی سڕینەوە و نکۆڵی کردن لە بوونی ئەوانی دیکەش لای خاوەن و هەڵگرانیان دەکاتە پەیامێکی دروست و جۆرێک لە ڕەوایەتیەکی ناڕەوایان لا دروست دەکات.

هەموو کەسێکی ئاسایی ئەگەر خاوەنی هوشیارییەکی تەواویش نەبێت، دەتوانێت بە پێیێ ڕوانین و تێگەیشتنی خۆی باشی و خراپی شتەکان ڕابگەیەنێ، ئەرکی ڕۆشنبیر یان چاودێری بەئاگا بەو ئاسانی‌یە نی‌یە، ڕۆشنبیر یان چاودێری بەئاگا بەتێز و شرۆڤەی لۆجیکی دەتوانێت ڕاستی بۆچونەکانی ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت بخاتە ڕوو، لێرەدا دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو دەستەواژانەی کاک حەمە سەعید حەسەن ڕابکێشم، با خوێنەری بەڕێز خۆی بڕیار بدات تاکوو چەند بەڕەخنە یان بەڕای ڕەخنەگرانەی دروستیان لە قەڵەم دەدات. کاکە حەمە لەهەڵسەنگاندنی پارتی و یەکێتی‌ی و سەرکردەکانی ئەو دوو پارتەدا، کەتەمەنی

خەباتی یەکەمیان لە نیو سەدە بەرەو ژوورەو هی دووەمیشیان لە سی ساڵەی تەمەن دایە و سەرکردەکانیشیان بە لەبەر چاو گرتنی جیاوازی تەمەنیان، ڕۆڵیان لەناو پارتەکانیاندا لە هەرەتی لاویانەوە دەست پێ دەکات کەچی کاکە حەمەی ڕەخنەگری هێژا، بەم شێوە سەرپێی و هەرەمەکیە ڕاست و چەپی خۆی دەوەشێنێ و دەنوسێ { یەکێتیی حیزبێکی باشە و پارتی حیزبێکی خراپە، بەڵام پارتی سەرۆکێکی باشی هەیە و یەکێتیی سەرۆکێکی خراپ } یان لەوەش سادەتر و بە شێوەی درووشمێکی سیاسیانەی ڕووت شرۆڤەی قۆناغەکانی خەباتی سیاسی ئەو دوو پارتە لە دێرێکی کورتدا، وەکوو ڕاستیەکی ڕەها بە سەر خوێنەر و ئەو دوو پارتەدا ساغ دەکاتەوە، دیسان بڕیاردان لەوەشیاندا بۆ خوێنەر بەجێ دێڵم و بەگرنگی دەزانم تەنها حوکمدانە سەرپێیەکەی کاکە حەمە بخەمە ڕوو کە ئەمە دەقەکەیەتی [ پێش ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستاندا، دیکتاتۆریای تاک پارتی سەروەر بوو، لە دوای ڕاپەڕینەوە دیکتاتۆریای جووت پارتی زاڵە ]، با خوێنەر بڕیار بدات، ئایا ئەمانە بەڕاستی وەکوو ڕەخنە لە کاکە حەمە وەردەگرێت؟ ئەگەر وەریان ناگرێت ئەوە وەڵامەکە ئاشکرایە، خۆ ئەگەر وەریان دەگرێت بابزانین لە پۆلێنکردنی ڕەخنەدا لە کوێی ڕەخنەیان دادەنیت؟

تەمەنی سیاسی و ڕووناکبیری سەرکردەکانمان لە هەڵەو کەم و کورتی بەدەرنین، دەکرێ ڕەخنەگرانی ئێمە بە تایبەت نەوەی نوێی ڕووناکبیریمان، ئەوانە بکەن بەکەرەسەی خاوی گرنگی پڕۆژە ڕۆشنبیریەکانی خۆیان، بەبی لایەنانە و دوور لە چاوی تەڵخی حیزبایەتی و بەرژەوەندی ئۆپۆرتۆنیستانەی تاکەکەسی و، ڕەنگدانەوە نێگەتیڤەکانی ئایدۆلۆجی، خەبات و ژیان و کردەوەوەکانیان هەڵبسەنگێنن.

بە هەشتی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، یەکێک لە و سەرکردە سیاسی و ڕۆشنبیرە ناسراوە گەورانەیە، کە بە حوکمی زۆر و زەوەندی کار و هەڵسوڕانی سیاسی و ئامادەیی بەرچاوی لە نێوەندی ڕۆژنامەنوسی و ڕووناکبیری و سیاسی کوردی دا، ناکرێت بەبێ هەڵەو کەم کورتی سەیر بکرێت، بەڵام قسە کردن لە سەر ئەو زاتە ڕووناکبیر و نیشتمانیە گەورەیە، دەبێت قسە کردن بێت لەسەر ئیبراهیم ئەحمەدی ڕۆژنامەنوس و چیرۆکنوس و شاعیر و ڕووناکبیر لەلایەک و کەسایەتی و سەرکردە و ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی سیاسی قۆناغێک لە قۆناغەکانی بزووتنەوەی سیاسی و ڕزگاریخوازی کوردستان لەلایەکی ترەوە. ناوبردنی کەسایەتیەکی لەو چەشنە بە [ جاش ڕۆشنبیر ] نەک ناچێتە خانەی ڕەخنەیەکی هەرەمەکیشدا و، نەک هەر ناتوانێ لایەنی جوان و ناشیرینەکانی کەسایەتیەکی وا مەزن لە پڕۆژەیەکی ڕەخنەیدا کەکار و ئامانجی ڕەخنەگرتنە، بخاتە ڕوو، بەڵکوو سوکایەتی کردنە بە بەشێکی گرنگ لە خەباتی پڕشنگداری گەلەکەمان و ئازاردانی بەشێکی گرنگ و ناسکی جەستەی ڕووناکبیری کوردیمانە بە کێبڵی بیرکردنەوەیەکی سیاسیانەی حیزبێکی سیاسی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تەماشاکردن و خوێندنەوەی ڕووناکبیر و سیاسیەک یان دەسەڵاتێکە، بە چاو و دووربینی دەسەڵاتێکی دیکەیە، لێرەدا کارەساتی ڕۆشنبیری دەست پێ دەکات چونکە ڕۆشنبیر گومانە ڕەواکانی خۆی بەلاوە دەنێ و، ڕوخسەت بەدەسەڵات دەدات کە لە لەجیاتی ئەو بیربکاتەوە و، لە پێناو هەندێ دەسکەوت و ئامانجی نا مەعریفی دا، سازش بۆ دەسەڵات بکات و، بەرگریش لە هاوپەیمانێتیەکی مەرجدار و نایاسایی بکات، کە لە نێوان خۆی و دەسەڵاتدا دروستی کردووە.

slemanyunes@yahoo. co. uk